تەفسیر (ی پەیڤی هۆنەر وەك هونەرمەندی سەرەکی). گرنگترین لەنگیی ئەم جۆرە تێڕوانینە لەوەدایە کە هزرێکی مێتۆدییانەی نییە و هەوڵ بدات لە پەیوەندیی نێوان خۆی و تێکستەوە، لە سەبژێکتیڤێتییەکەیەوە پابەند بە دەرکراوییە سەبژێکتیڤییەکانی خۆیەوە، کێشەی نوێ بەبێ ڕەچاوی هیچ سەرچاوەیەك ئاوەڵا بکات. بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە تێڕوانینە ترادیسیۆنییە ([9]) "تەنها" پێی دەکرێ بە یاریدەی "شابلۆن" (پێش-نموونە) کار بکات: ڕوانگەی ئەدەبی یان هونەری لە شێوەی دۆگمدا وەردەگرێ و لەسەر بناغەکەی بابەتەکەی بەسەر "مەبحەس" و "مەتڵەب"دا دابەش دەکات و تەواو ([10]).

کەواتە ئاشکرایە بۆچی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، هێنانەگۆڕێی پرسیار دەگمەنە، ئەمەش چ لە نێوەندی ڕۆشنبیری و چ لەنێو "دامەزراوە زانستییەکان"دا. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ هەقیقەتە بدەین کە

---

٩ ) بۆ نموونە لە ئەدەبدا: مرۆڤ بەزۆریی هونەرمەندی یان کەسی مەزنی سۆسیۆکولتووری وەردەگرێ و سەرجەمی لایەنە مرۆڤییەکەی لێدادەماڵێ.

١٠ ) هەر لێرەوە دەتوانین ئاماژە بدەین بۆ بەرهەمهێنانی هونەری و توێژینەوەی زانستی هونەر لە دیدی چەسپێنراوی ڕیالیزمی سۆسیالیستی یان مارکسیستییەوە کە هەتا ئەمڕۆ پاشماوەی ماوە. لێرەدا لە بواری ئیشی هونەریدا بەزۆریی دیاریکردنی دەرەکییانەی تێمەکان هەیە، یان ئیشکەری نێو کایەی هونەر خۆی بۆ هەندێك کەرەسەی تایبەتی تەرخان دەکات و جەخت لە "ناوەرۆك" دەکات، لێرەشدا فۆرم بە لایەوە لاوەکییە، یان لەوەدا سەری لێتێکچووە کە خودی ناوەرۆك فۆرمە، یان گەر ئەو توێژەری ئەدەبی بوو، ئەوا کتومت کار بەو چەسپاندنە دۆکترینییانە دەکات کە لە دیدێکی سۆسیالیستی یان کۆمونیستییەوە ئەنجام دراون، ئەمەش بێگومان بە شێوەی هزرینی ترادیسیۆنی گونجێنراوە. مرۆڤ لێرەدا بەزۆریی ڕەچاوی هەندێك تەکنیکی کارکردن دەکات — تەکنیك نەك مێتۆد، ئەمەش نەشیاوە، چونکە مێتۆد ڕێگەبڕینێکی سەبژێکتیڤییە و تەنها بە کەسێکی خۆئازادکردوو لە ترادیسیۆن دەوەشێتەوە نەك لە کەسێك کە هەر لە سەرەتاوە وەك ئاقڵ دیاری کرابێ. بۆیە ئاشکرایە گەر لەو شێوە کارکردنانە بڕوانین کە چەسپاندنێکی دۆکترینییانەیان هەیە، ئەوا دەبینین کە هەر لە سەرەتاوە ئەوە وەلاوە نراوە یان هەر ڕەچاو نەکراوە کە مارکس ناوی دەنێ "فاکتەری سەبژێکتیڤی". بەڵام ئێمە هەروەها لە بواری کارکردنی ئەکادیمیدا دانانی هزرییانەی فەیلەسوفانی دیکەش وەك شابلۆن دەبینین. مرۆڤ لێرەشدا هەوڵ دەدات بۆ نموونە لە "هزری هۆنەرێك"دا هەندێك کێشەی هزری بەبێ دانوستاندنی هەمەلایەنی وەربگرێ و لەتەك شابلۆنەکەدا، واتا هزری فەیلەسوفەکەدا، بەراوردی بکات.

